ئیستێتیک لە بەردەم ڕۆمانی (گابۆ)ی سەید قادر هیدایەتی!.. عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

فەزای گشتیی ڕۆمانی (گابۆ)

ڕۆمانی گابۆ؛ (١) ڕۆمانێکی واقیعیی و چێژبەخش و کەمەندکێشە و خوێنەر بەئاسانی خۆی لەناو بەشێک لە ڕووداوەکان دەبینێتەوە. ڕۆمانەکە بەوپەڕی سادەییەوە، ژیانی چەند خانەوادەیەکی زەحمەتکێشی شاری (بۆکان)ی بۆ وێنا کردووین. فەزای دیمەنەکانی ڕۆمانەکە لە ڕووکەشدا لەنێوان خەون و خولیا و ئومێدەکانی دوو مێرمنداڵی کوردستان و کوشتارگاکانی (قەسابخانەی شار)دا دێن و دەچن، وەلێ لە قووڵایی دەقەکەدا هێڵی درامی ڕووداوەکان بەجۆرێکن کە گەڕانن بەدوای خۆدۆزینەوەیەکی تر، گەڕانن بۆ وەدەستخستنی شوناسێکی گەورەتر لەو شوناسە بەرتەسکەی کە شار و گەڕەک پێی بەخشیون. ڕووداوە پچرپچڕەکانی ناو دەقەکە سەرباری هەر لایەنێکی نەگەتیق، وەکو پارچە شکاوەکانی ئاوێنەیەک وان کە ئەگەر خوێنەر بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە بیبینێت و لێی وردبێتەوە، ئەوا دەتوانێت بە ڕایەڵەیەکی ورد لە ئەو پارچانە، ئاوێنە گەورەکەی ژیان ببینێت. شانەی ڕووداوەکان لە ئومێد بۆ پێکهێنانی تیمێکی تۆپێن و کۆینی تۆپێکەوە تا دەگات بە کاری نهێنی سیاسی و دروشم نووسین و و خوێندنەوە و خۆپێگەیاندنی لەڕێگەی شیعرەکانی (هێمن و هەژار و مەلەکشا و شەریف و تەنانەت پێشەویش دەگرێتەوە) تا چوون بۆ پێشمەرگایەتی درێژە دەکێشێت. لەگەڵ سادەیی گێڕانەوەکان، نووسەر توانییویەتی بۆن و بەرامەی ئەو سەردەم و ڕۆژگارانەمان بهێنێتەوە یاد کە ساڵانێکە ونمان کردوون یان لێمان ونبوونە. پێکەنینەکان و گریانەکان، چاوباشقاڵەی گەنجەکان، تووڕەیی باوکەکان و ستەمی سەر شانی دایکەکان، متمانەی نێوان هاوڕێ و دەر و دراوسێکان و گاڵتە و تەنانەت درۆی نێوان هاوڕێکان، تا متمانە بە کتێبفرۆش و خۆشاردنەوە لەچاوی پۆلیسی نهێنی و دەسەڵاتی سەرکوتی سیاسی و خۆدۆزینەوە لەناو پەیوەستبوون بە هێزی چەکداری حیزبی سیاسی بەردەوام لەگەڵ کارەکتەرەکان ئامادەیان هەیە. دیاردەی هەژاریش، وەک نەگبەتییەکی نیزامی سەرمایەداری، کە مەتەکەی سەرسنگی ژیانی

کرێکاران و زەحمەتکێشانە و زۆر هونەرمەندان□ ب□ام واقیعییانە لەلایەن نووسەرەوە وێناکراوە ڕێک وەک ئاگرێک خەون و خۆزگەی ئینسانەکان؛ بە منداڵەکانیشەوە دەسووتێنێت. ئەم چیرۆکە هەر تەنها چیرۆکی نێو کتێبێک نییە، بەڵکو چیرۆکی هەموو مێردمنداڵ و خانەوادە زەحمەتکێشەکانی نێو جوگرافیای سیستەم و ستەمێکە کە ڕەشترین چارەنووسی بەخشیوەتە ئینسانەکانی ئەم گۆشە تاریک و پڕ لە ژانەی دنیا.

واقیعیبوونی ڕۆمانی گابۆڕ و ئامانجی کۆمەڵایەتی

گابۆڕ لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە؛ ژیانی کۆمەڵگەی (ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کوردستانی ئێران) لە قۆناغێکی دیاریکراو (لەژێر چەپۆکی دەسەڵاتی سەرکوتی جمهوری ئیسلامی) لە دەیەی بیستەکانی سەدەی بیست و یەک، وێنا دەکات. ڕۆمانەکە سەرباری دراوە تەکینیکی و ئیستاتیکییەکەی، دەقێکی واقیعیی سیاسییە و زۆربەی زۆری پەسندی ڕۆمانەکەش بۆ ئەم واقیعیبوونەی دەگەڕێتەوە. ئەمەش بەمانای بوونی پەیوەندییەکی توندتۆڵی دەقەکەیە بە واقیعی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی. ڕێبازی واقیعییەت یان ڕیالیزم لە ئەدەب (بە بڕوای من بێجگە لەوەی دەبێ لەگێڕانەوەی □وداوەکاندا ڕاستگۆیی پەیڕەو بکرێ، دەبێ وێنەی کارەکتەرەکانی لەبارودۆخێکی نموونەییشدا بکێشێ و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بار و زرووفەی تێیدان هەڵیان بسورێنێ.)(٢) لەم لایەنەدا دەتوانم ب□□□م سەید قادر هیدایەتی سەرکەوتووانە دزاینی بونیادی ڕۆمانەکەی کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واقیعیبوونی ڕۆمانی گابۆڕ، واقیعییەتێکی سۆشیالیستیی نییە. واتە گابۆڕ بە تێگەیشتنی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی، دەقێکی ئەدەبیی شۆڕشگێڕانە نییە، بەڵام بەو ئومێدە نووسراوە کە پەیامی شۆڕشگێڕانە ببێت. سەید قادر هیدایەتی لەڕووی سیاسییەوە ورد ئیشی لەسەر جیهانبینیی (کوردایەتی) ناسیونالیزم کردووە و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەش هەر لەو ژینگە سیاسییەدا دەژێت و هەناسە دەدات. لەڕووی کۆمەڵایتیشەوە هەوڵیداوە وێنایەکی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی نیشان بدات. ڕۆمانەکە ئاوڕ لە ستەم و سووکایەتی بە ژنان دەداتەوە، بێئەوەی بچووکترین قسە لەسەر ڕەگ و ڕیشەی ئەو ستەمە و ڕێگاچارەیە بکات. مەسەلەکانی منداڵ و پەروەدە و خوێندنیش جێی بایەخی ڕۆمانەکەن، بەڵام مەسەلەی سیاسەت لە گابۆڕ زەقتر و تۆختر دەردەکەوێت. نووسەر تێکۆشاوە هێڵی درامی لایەنی سیاسی ڕۆمانەکە لەڕێگەی ئەم کار و کردەوانەوە نیشان بدات.

یەک: ناوگۆڕین و ڕەتکردنەوەی ناوی عەرەبی و داکۆکیکردن لە ناوی کوردی.

دوو: پەنابردن بە کاری خۆبەخۆیی (عفوي) عەبدولموتەلیب و کەریم دژ بە پازگا و دەسەڵاتی ڕژێم.
سێ: هێرشبردنی بەئەزموونی ئەو مێردمنداڵانە بە سەر شکۆی پازگا.
چوار: ئاشنابوون بە زمان و خوێندنەوە بە زمانی کوردی لەڕێگەی گۆڤاری (سروە)وە.(٣)
پێنج: هێنانەگۆڕێی شیعری شاعیرانی کورد لەوانە هێمن و هەژار و پەشێو و مەلەکشا و شەریف و ئینجا هەوڵدان بە نووسینی شیعر لەلایەن عەبدولموتەلیب – هەژیر – ەوە.
شەش: دروشم نووسین لەسەر دیواری ئاودەستخانەی قوتابخانە.
حەوت: پەیوەستبوون بە ڕیزەکانی حیزبی سیاسی و پێشمەرگایەتی.
ئامانجی ڕۆمانەکە لەڕووی سیاسییەوە پەرەدانە بە هۆشیاری نەتەوایەتی. ئەم هۆشیارییە ناتوانێت بەهیچ جۆرێک لە سنوورەکانی ڕزگاری و خۆشگوزەرانی خەڵکی ستەمدیدەی کورد نزیک ببێتەوە. چونکە بەتێگەیشتنی من بەهووردەیە ڕزگاری ئینسانی کورد لە ئاسۆ و ئامانجی ناسیونالیزمدا بۆی بگەڕێین، بەڵکو لە ئاسۆی ڕزگاریبەخشی چینایەتی سۆشیالیزمدا ئەو ڕزگارییە دەبێت بە واقیع. بۆیە گەڕان بەدوای شۆڕشگێڕبوون لەم ڕۆمانەدا وەک گەڕانە بەدوای سەراب لە بیاباندا. لەگەڵ ئەوەشدا واقیعییەتی کۆمەڵگەی کوردستان وای کردووە کە ئەم ڕۆمانە چەندیجار چاپ بکرێتەوە و لە سی و یەکەمین پێشانگای کتێب لە تاران، ببێتە پڕفرۆشترین ڕۆمان.(٤)

تەکنیکی ڕۆمانی گابەڕ

زمانی ڕۆمانەکە، زمانێکی لەکاڵیی زۆر سادەیە. واتە زمانی هەو ئەو زەحمەتکێشانەیە کە لەپانتایی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە دێن و دەچن. ئەمە خاڵێکی گەش و جوانی ڕۆمانەکەیە. واتە زمانی دەق لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان گونجاو و تەریبە.
کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە بەسەر چەند جۆرێک دابەش دەبن، وەک: کارەکتەری سەرەکی (عەبدولموتەلیب – هەژیر و کەریم – خەبات)، هەروەها کارکتەری لاوەکی یان نا سەرەکی وەکو (ئازاد و میرزا هادی و نەنەعەجەم و ئاغای محەمەدی و سلێمان و سەیدەسوور سەلاخ و ئاغای عەلیزادە و ئاغای سەرچەشمە و ئەسمەر و بایزی باوکی کەریم) و جگە لەمانەش هەندێ کارەکتەری تری تێدایە کە زۆر بچووک و ناچالاکن بەڵام لە خزمەت ڕووداو و کارەکتەرەکانی تر نین وەک(کابرای خەمەڵاسدراو لەنێو کۆگای دائیرەی بەرق، دایکی کەریم، سەربازەکان، ڕێبوار، تایەر، بایز، رەسوڵ، میکایە). سەرباری ئەمەش نووسەر بەڵانسێکی لەنێوان ئەو جۆرە کارەکتەرانە ڕاگرتووە کە وەک زنجیرە یەک لە خزمەت ئەویتردایە.

شێوازی گفتوگۆ و دیالۆگی ڕۆمانەکە تێکەڵ و ناڕۆشنە و کەسی یەکەمی تاک ئامادەییەکی بەردەوامی هەیە و زۆرجار حیکایەتخوان دوور لە پێویستی تەکنیکی ڕۆمانەکە، لەخۆڕا لە کەسی یەکەمی تاکەوە بۆ کەسی دووەم و سێیەمی تاک دەگۆڕێ بێئەوەی هیچ خزمەتێک بە ڕوودا□□کان و ناوەڕۆکی دەقەکە بکات.
ئەتمۆسفیری ڕۆمانەکە هەندێک بەشی نەبێت بەتایبەتی سەرگەرمی مێرمنداڵەکان و یارییە میللییەکان، دەنا سەرتاپای ترس و تاریکی و گومان و سەرکێشییە. بۆیە هێڵی درامی ڕوودا□□کان کە خوڵقێنەری ئەو ئەتمۆسفیرەن کار دەکەنە سەر مۆد. مۆدی ڕۆمانەکەش لە ئاستێکدا یە بەجۆرێک ک□ ل□□و□□ژ□ ل□ ترس و تو□□□یی و هاوار و تەنانەت بارگاوییە بە جنێو و بێڕێزیش.
گۆڕینی بابەت، تێکەڵییەکی دروست کردووە. نووسەر لەسەر بابەتێک دەدوێ و دێڕی دواتر دەچێتە سەر بابەتێکی تر کە هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتی پێشترەوە نییە.
پەنابردن بۆ یارییە میللییەکان و تێکههڵکیشکردنیان لەگەڵ ڕوودا□□کانی ڕۆمانەکە بەجۆرێکە تاموچێژێکی خۆشی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە.

ئەنجام

وەکچۆن ((ئەدەبی ڕاستەقینە دەبێت هەمیشە لە جیهانی ناوەوەی ئینسان، لە فیکر و هەست و ئازارەکانی ئینسان هەڵبقوڵێت و ڕەنگدانەوەی خۆزگە و بیرکردنەوە و ژیانی ئینسانەکان بێت.))(٥)
ئاواش ڕۆمانی (گابۆڕ)ی سەید قادر هیدایەتی وەک ڕۆمانێکی واقیعی باس لە خەون و خولیا و ئومێدی دوو گەنج یان مێرمنداڵ دەکات کە سەرەتا دەیانەوێت تیمێکی تۆپێن دروست بکەن و ببنە خاوەن تۆپێکی بەتەقەڵ. دواتر لەدرێژایی ڕوودا□□کان ڕوحی دژایەتیکردنی دەسەڵاتیان لەناخدا چەکەرە و ئینجا لەڕێگەی دۆزینەوەی پەڕەیەکی دڕاوی گ□قاری (سروە)وە شەیدای زمانی کوردی و خوێندنەوە دەبن و دەک□و□ن□ کتێب خوێندنەوە ئاشنابوون بە شیعری شاعیرانی کورد و تەنانەت نووسینی شیعر تا دەگات بە چوون بۆ پێشمەرگایەتی و ئامادەبوون بۆ قوربانیدان لەپێناو ئازادیدا. ئەو دنیابینییەی ڕۆمانووس ڕۆمانەکەی پێدەنەخشێنێت، هەرهەمان ئەو ئایدیۆلۆژییە کوردایەتییەیە کە شوناسی خۆی لە کوردبوون و مەسەلەی خاک و نیشتمان دەبینیتەوە. تەکنیکی ڕۆمانەکە تەکنیکێکی گونجاوە جگە لە دیالۆگ و گۆڕینی بابەتەکان کە تێکەڵییەک لای خوێنەر دروست دەکەن.
خوێنەر لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنەوەدا هەست دەکات ڕۆمانووس باس لە ژیانی ئەو یان خانەوادەی ئەو دەکات. ئەمەش کلیلی واقیعبوونی

ڕۆمانی (گابەڵێ) وەک دەقەکی گێڕانەوە کە دەست و پەنجە لەگەڵ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئینسانەکانی کۆمەڵگەی کوردستان نەرم دەکات.

عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

کۆتایی نیسانی ٢٠٢٦

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١)سەید قادر هیدایەتی، گابەڵێ، ڕۆمان، دەزگای چاپی خانی، چاپی پێنجەم، ٢٠٢١.

(٢)جان فریفیل، تێزەکانی مارکس – ئەنگڵس لەبارەی ئەدەب و هونەرەوە. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە فوئاد مەجید میسری، ناوەندی توێژینەوەی هزری شەهید ئارام، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ٢٠١٩، لاپەڕە ١٧٨.

(٣)گۆڤاری سروە: گۆڤارێکی فەرهەنگی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتییە کە بە دوو زمانی کوردی و فارسی بە شێوەی مانگانە دەردەچێت. ئێستا لە لایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە شاری سنەوە چاپ دەکرێ. گۆڤاری سروە لە تەواوی پارێزگاکانی کوردستانی ئێران بڵاو دەکرێتەوە. ئەم گۆڤارە بەدەستپێشخەریی هێمن شاعیر و نووسەری کورد، ژمارە یەکی لە بەهاری ١٩٨٥ لە شاری ورمێ دەرچووە. یەکەم سەرنووسەری تا ژمارەی پێنج هێمنی شاعیر بووە، پاشان ئەحمەدی قازی. گۆڤاری سروە ڕۆڵێکی بەرچاوی بووە لە خزمەت بە فەرهەنگ و کلتووری کورد و هەروەها فێرکردنی زمانی کوردی بە گەنج و لاوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
https://www.kurdipedia.org/Default.aspx?q=20090308145529160

(٤)بڕوانە سایتی ئاڤا تودەی ٣٠ ی ئازاری ٢٠١٩
https://www.avatoday.net/index.php/ar/node/3295

(٥)ف. كيللي / م. كوفالزون، آسس الآشتراكية العملية المادية التاريخية، نقله من الروسية احمد داود، دار الجماهير، دمشق، ١٩٦٧. ص ٥٢٤.

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (ڕێژگاری ڕەش) لە نووسینی فەرهاد قادر.. نووسینی : کارزان عزیز

زەنگی هۆشیاری لە تاریکیدا ئاوێنەی بێپەردەیی کۆمەڵگای کوردیی

نووسینی : کارزان عزیز

کاتێک ئەدەبیات و نووسین بەرگی خەیاڵپەرستیی ڕووت و چیرۆکە دوور لە ڕاستییەکان لەبەر خۆیان دادەماڵن و ڕاستەوخۆ دەست دەکەن بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی مەیدانی لە ناو ناخی کۆمەڵگەدا، ڕەوتێکی نوێ لە هۆشیاریی گشتی و بەئاگاهاتنەوەی پاشەڕۆژ لەدایک دەبێت. کتێبی «ڕێژگاری ڕەش» لە نووسینی مامۆستا فەرهاد قادر، لەژێر ژێرناونیشانی «چیرۆکە ڕاستەقینەکان»، تەنها کۆکراوەیەک لە بەسەرهات یان گێڕانەوەی ڕووت و سادەی کۆمەڵێک ڕووداوی ڕۆژانە نییە؛ بەڵکو ئاوێنەیەکی بێڕەحم، روون، بێپەردە و ئێجگار گشتگیرە بەرامبەر بەو لایەنە نەبینراو، تەمومژاوی و تاریکانەی کە ڕۆژانە لە قووڵایی کۆمەڵگەکەماندا ڕوو دەدەن و زۆرجار بەهۆی هەستیاری، شەرم، یان ترسەوە لەناو دیوارەکانی بێدەنگیدا شارراوە دەمێننەوە. نووسەر لەم بەرهەمەدا، بە هێنانەئارای دەقی ڕاستەقینەی ناو داوە کۆمەڵایەتییەکان و پەڕاوی دادگاکان، تەنها ڕۆڵی گێڕەرەوە نابینێت، بەڵکو دەبێتە توێژەرێکی کۆمەڵایەتیی خەمخۆر، فەیلەسوفێکی ئەخلاقی و دەروونناسێکی خاوەن دیدێکی وردبین کە بە تێڕامانێکی قووڵەوە پەردە لەسەر جیهانی تاوان، لادان، بێدەرەتانی، و باجدانی تراژیدیانەی هەڵە بەردەوامەکانی مرۆڤ لادەبات. ئەم بەرهەمە هەڵماڵینێکی فکری، ئەخلاقی و جدییە بۆ دەرخستنی ئەو هۆکارە شاراوە و هۆشیارییە ونکراوانەی کە مرۆڤ لە لوتکەی سەلامەتی، شەرەف و ئارامیی خێزانییەوە بە هێواشی یان بە کتوپڕی بەرەو کەوتنی یەکجاری، ئابڕووچوون و زەنگاوی بەدەرئەنجامی دەبەن. ناونیشانی کتێبەکە، «ڕێژگاری ڕەش»، بەرجەستەکردنی شاکاریانەی ئەو ساتەوەختە کاریگەر، تاریک و سەختەی ژیانە کە تێیدا مرۆڤ بەهۆی کەمتەرخەمی، بڕیاری هەڵەشە، سادەیی بێسنوور، یان تێوەگلان لە داوی ئارەزووە کاتی و نەبەزێنراوەکاندا، دەکەوێتە ناو جۆرە

تاریکییەکی چڕەوە کە دەروازەکانی دەربازبوون لێی یەکجار ئەستەم و بەهیوا دەبن. ڕووکاری بەرگی کتێبەکەش بە وێنەی دەستێکی سورکراوە بە خوێن یان ڕەنگی ئازار و کەلەپچەیەک لەسەر باکگراوندێکی تاریک و داڕماو، هێمایەکی ئێجگار کتوپڕ، قووڵ و چڕکراوەی نیشانەکانی تاوان، سزا، و سەپاندنی یاسایە؛ دەستە سورکراوەکە هێمایە بۆ تێوەگلان لە کردارێکی قەدەغەکراو، دەستپێڕاگەیاندنی ئازار، و خەستبوونی پەڕەیەک لە لاپەڕەکانی ژیاندا کە بە هیچ ئاوێک مەحوو نابێتەوە، کاتێک کەلەپچەکەش چەمکی بێبەشبوون لە ئازادی، حەتمییەتی دەسەڵاتی یاسا، و حەتمییەتی سەپاندنی باجی کردەوەکان بەرجەستە دەکات. هەموو ئەم وێنەسازییە سیمایی و هێمایانە، خوێنەر لە یەکەم تێڕوانین و نیگاوە ئامادە دەکەن بۆ چوونەناوەوەی جیهانێک کە پەیڕەتی لە ڕاستیی تاڵ و ئازاربەخش، بەڵام بەڕادە پێویست و پێویستتر بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی ئاڵۆزی ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە ناو هەناوی کۆمەڵگەدا.

گرنگیی سەرەکی و بنەڕەتیی ئەم بەرهەمە مەزنە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە مامۆستا فەرهاد قادر تەنها وەک چاودێرێک یان نووسەرێکی بیستەک نانووسێت، بەڵکو بە فۆکەسێکی زانستیی قووڵ دەچێتە ناو قووڵایی سایکۆلۆژیای کەسایەتییەکان و شیکارییەکی فرەڕەهەند بۆ کۆمەڵناسیی تاوان و داڕمانی بەهاکان دەکات. لە لایەکەوە، تیشک دەخاتە سەر ئەو هۆکارە دەروونی، ئابووری، کەلتووری و خێزانییانەی ناو ناخی تاوانبار و ئەو ژینگە لادەرەی کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت تا سنوورە ئەخلاقی و یاساییەکان ببەزێنێت، و لە لایەکی ترەوە، بە هاوسۆزییەکی قووڵی ئەدەبییەوە ئازار، بێدەرەتانی، بێئاگاهی و خەمۆکیی قوربانییەکان بەرجەستە دەکات کە زۆرجار بەهۆی سادەیی، نەزانین، یان متمانەی کوێرانەوە دەکەونە ناو داوی کەسانی فێڵباز و بێویژدانەوە. کتێبەکە بە زەقبوونی هەریەک لە چیرۆکەکاندا، ڕووبەڕووی زنجیرەیەک پرسیاری جەوهەری و فەلسەفیمان دەکاتەوە: چۆن هەڵەیەکی بچووک، نەرمییەک لە هەڵوێست، یان بڕیارێکی خێرای سۆزداری دەکرێت پاشەڕۆژی تەواوی خێزانێک هەڵبووەرێنێت و برینێک جێبهێڵێت کە نەوە دوای نەوە باجی بدرێت؟ دەوری هەژاریی فکری، غەفڵەت، نەزانی، و کێشە دەروونییە شاراوەکان لە هاندانی تاوانکاریدا چییە؟ و لە هەمووی گرنگتر، سنووری نێوان سەلامەتی و کەوتنە ناو «ڕۆژگاری ڕەش» چییە و چەندە باریک و مەترسیدارە؟

کاتێک زیاتر لە شێوازی داڕشتنی نووسەر دەکۆڵینەوە، دەبینین مامۆستا فەرهاد قادر ڕێگەی نەداوە دەقەکان بنکۆڵ ببەسترێن بە ئاڵۆزییە فەلسەفییە وشکەکانەوە، بەڵکو زمانی نووسینەکەی کردووەتە

پەردەکی زۆر زیندوو لە نێوان توێژینەوەی ئەکادیمی و گێڕانەوەی ڕەوان؛ بە جۆرێک کە هەر تەبەقەیەکی کۆمەڵگە، لە خوێندکارەکەوە تا پیاوێکی بەتەمەن، دەتوانێت بە ڕوونی چەمک و ئامانجەکانی تێبگات. ئەم شێوازە لە گێڕانەوە، هێزێکی تایبەت دەبەخشێتە دەقەکان و وا لە خوێنەر دەکات نەک تەنها ببێتە تەماشاکەرێکی دەرەکی، بەڵکو خۆی لە ناو شیکاری و هاوسۆزی و پەندەکانی ناو چیرۆکەکاندا ببینێتەوە. ڕیتمی حەکایەتەکان هێندە خێران کە بێزاری لە لای خوێنەر دروست ناکەن، بەڵکو خولیا و ئارەزووی بەردەوامبوونی تێدا دەچێنن تا دوا لاپەڕەکانی کتێبەکە.

بەهای پەروەردەیی و جڤاکی ئەم بەرهەمە لەوەدا بەدەردەکەوێت کە ڕێنماییەکی ڕاستەوخۆ دەداتە تاکەکان بۆ هۆشیاربوونەوە؛ چونکە مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە کە لە هەڵە و کارەساتی کەسانی ترەوە فێری سەلامەتی دەبێت، نەک ئەوەی بوەستێت تا خۆی بکەوێتە ناو زۆنگاوی تاقیکردنەوە سەختەکانەوە. لەم تەوەرەدا کتێبەکە وەک چەکێکی پاراستن و قەڵغانێکی فکری دەور دەگێڕێت کە خوێنەر هۆشیار دەکاتەوە لە جۆرەها فێڵ، پەیوەندیی مەترسیدار، و بڕیاری هەڵەشە کە دەکرێت ئەنجامەکەیان تەنها بێهیوایی و پاشگەزبوونەوە بێت. نووسەر توانیویەتی بە بێپەردەیی لەسەر ئەم بابەتانە بنووسێت، تا کۆمەڵگە ڕووبەڕووی ڕاستییە زەقەکان بباتەوە و چاوپۆشی لە کێشە خێزانی و دەروونییەکان نەکرێت.

لە ڕووی کات و سەردەمەوە، «ڕۆژگاری ڕەش» بەرهەمێکە بە تەواوی هاوچەرخ و گونجاو لەگەڵ بەربەستەکانی ئەمڕۆدا؛ چونکە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کرانەوەی کۆمەڵگەدا، ڕێگەکانی لادان و هەڵخەڵەتاندنیش ئاڵۆزتر و شاراوەتر بوونەتەوە. لێرەدایە کە پێویستیی خوێندنەوەی بەرهەمی لەم جۆرە دەبێتە زەرورەتێکی حاشاهەڵنەگر بۆ پاراستنی شیرازەی خێزان و ئاگادارکردنەوەی گەنجان. نووسەر هۆشیارمان دەکاتەوە کە چۆن پاراستنی بەها ئەخلاقییەکان، ئەقڵانییەت، و هۆشیاریی بەردەوام، تاکە ڕێگەن بۆ دەربازبوون لەو داوانەی لە تاریکیدا بۆ مرۆڤ دەنرێنەوە.

کتێبی «ڕۆژگاری ڕەش» زیاترە لە تەنها بەرهەمێکی چاپی یان کتێبێکی ڕەفەکان؛ ئەم بەرهەمە زەنگێکی ئاگادارکردنەوەی جدی، مانیفێستێکی هۆشیاریی ئەخلاقی، ڕێنماییەکی خۆپارێزیی خێزانی، و بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵایەتیی ئێجگار بەنرخە کە دەبێت لە هەموو ماڵێک، کتێبخانەیەک، و لە دەستی هەر گەنجێکدا هەبێت. مامۆستا فەرهاد قادر بە نووسین و ئامادەکردنی ئەم چیرۆکە ڕاستەقینانە بەم ئاستە بەرزە لە ڕاشکاوی، خزمەتێکی گەورە و نەمر بە کتێبخانەی کوردی، پەروەردەی خێزانەکان، پاراستنی گەنجان لە لادان، و بەرزکردنەوەی

ئاستی هۆشیاریی گشتی کردووە، و بەرهەمێکی نەمری دروستکردووە کە بە بەندگەیەکی بەدەنگ بەڵام زۆر بەهێز هاوار دەکات تا تاکەکانی کۆمەڵگە بە چاوی کراوە و بە ئاگاداریی تەواوەوە هەنگاو لە ژیاندا بنێن، تا هەرگیز خۆیان و ئازیزانیان دووچاری ئەو ڕۆژگارە ڕەشانە نەبنەوە.
لە کۆتاییدا، کاتێک لە دوا لاپەڕەکانی کتێبی «ڕۆژگاری ڕەش» دەبینیتەوە، درک بەوە دەکەیت کە ئەم بەرهەمەی مامۆستا فەرهاد قادر تەنها هەوڵێک نییە بۆ گێڕانەوەی کۆمەڵێک تاوان و نەهامەتیی کۆمەڵایەتی، بەڵکو نەخشەرێگەیەکی لۆژیکی و ڕێنماییەکی ئەخلاقیی قووڵە بۆ دوورکەوتنەوە لە داوە شاراوەکانی ژیان. نووسەر بە لێهاتووییەوە توانیویەتی چیرۆکە ڕاستەقینەکان بکاتە وانەیەک بۆ هۆشیارکردنەوەی تاک و پاراستنی خێزان، تا خوێنەر پێش هاویشتنی هەر هەنگاوێک، بیر لە دەرئەنجام و باجەکەی بباتەوە. ئەم کتێبە بەندگەیەکی بەدەنگە کە زەنگێکی ئاگادارکردنەوەی جدی لە ناو ناخی هەموو تاکێکدا لێدەدات و پێمان دەڵێت: تاریکی و ڕەشیی ڕۆژگار بەرهەمی غەفڵەت و کوێرانە هەنگاونانە، و تەنیا بە هۆشیاری، ئاگاداری و بەهاداری دەتوانرێت ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی ئەو ڕۆژگارە ڕەشانە بگیرێت. بێگومان «ڕۆژگاری ڕەش» بەرهەمێکی نەمری کتێبخانەی کوردییە کە شایستەی خوێندنەوە، تێڕامان و هەمیشە لەبەرچاوگرتنە.

سەرچاوە
ناویکتێب : ڕۆژگاریی ڕەش
نووسینی : فەرهاد قادر
ساڵی ٢٠١٩

بیروباوەڕ یان نیشتمان.. ستار ئەحمەد

مرۆڤ لە سەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکوو ئەمڕۆ، هەمیشە لە نێوان چەند پرسیارێکی ورد و چەمکی گەورەدا ژیاوە کە چارەنووس و شێوازی ژیانیان دیاری کردووە. لە سەرووی هەمووشیانەوە، پرسی ناسنامە،

دەسڕزی و قوربانیدان دێت. کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی وەستگە هەستیارەکانی مێژوو یان کێشمەکێشە هزرییەکان دەبێتەوە، زۆرجار دەخرێتە بەردەم هەڵبژاردنێکی سەختەوە؛ ئایا مرۆڤ دەبێت قوربانی بە کام لەم دوو واتا مەزنانە بدات: بیروباوەڕ یان نیشتمان…؟
ئەم پرسیارە تەنها سەرنجڕاکێشانێکی فەلسەفی نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی مێژووی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگاکانە.
لە لایەکەوە، بیروباوەڕ وەک هێزێکی دەروونی و ڕۆحیی مەزن سەیر دەکرێت کە واتای ژیان و تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ جیهان و گەردوون ڕێکدەخات.
بیروباوەڕ کۆمەڵێک بەها، ئایدیۆلۆجیا یان باوەڕی ئایینییە کە مرۆڤ باوەڕی پێیەتی و ئامادەیە گیانی لە پێناو ببەخشێت. لە مێژوودا، زۆرێک لە جووڵانەوە گەورەکان، ڕاپەڕینەکان و گۆڕانکارییە هزرییەکان لەسەر بنەمای بیروباوەڕ هاتنە کایەوە. بۆ کەسێکی خاوەن بیروباوەڕ، ئەم باوەڕە سنووری جوگرافی و سنووری دەستکردەکان تێدەپەڕێنێت و دەبێتە پێوەری ڕەها بۆ هەڵسەنگاندنی چاکە و خراپە. لێرەدا، مرۆڤ خۆی بە بەشێک لە پەیامێکی گەورەتر دەبینێت کە هی هەموو کات و شوێنێکە، نەک تەنها زێد و خاکی لەدایکبوونی.
لە لایەکی ترەوە، نیشتمان ئەو ڕووبەرە جەستەییە گەرمەیە کە مرۆڤ لەسەری چاوی هەڵهێناوە، لە باوەشیدا گەورە بووە، و زاراوەی سەرەتایی و کەلتووری تێدا فێر بووە. نیشتمان تەنها خاک و بەرد نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک یادەوەری، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، زمان، مێژوو و کەلتوورە کە شوناسی مرۆڤ پێکدەهێنن. خۆشەویستی نیشتمان بە شێوازێکی سروشتی لە ناو ڕۆحی مرۆڤدا چێنراوە. کاتێک مرۆڤ باسی نیشتمان دەکات، باسی ئەو زێدە دەکات کە لە کاتی تەنگانەدا پەناگەیە و لە کاتی خۆشیدا مایەی ئارامییە. پاراستنی نیشتمان و خزمەتکردنی، لە زۆرێک لە کەلتوورەکاندا بە ئەرکێکی پیرۆز و نەگۆڕ دادەنرێت کە هیچ شتێک ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە.
کێشمەکێشی نێوان بیروباوەڕ و نیشتمان زۆرجار لە کاتی قەیرانەکاندا سەرهەڵدەدات؛ کاتێک بەرژەوەندی یەکێکیان دەکەوێتە دژایەتی ئەوی ترەوە. مێژووی مرۆڤ پڕە لە نموونەی ئەوەی کە چۆن مرۆڤەکان ناچار کراون لە نێوان ناسنامەی نیشتمانی و باوەڕی پیرۆزیاندا یەکێکیان هەڵبژێرن. لە کاتێکدا هەندێک پێیان وایە کە بیروباوەڕ سەرچاوەی هەموو بەها بەندەکانە و نیشتمانیش تەنها ئامرازێکە بۆ پیادەکردنی ئەو باوەڕە، هەندێکی تر جەخت لەوە دەکەنەوە کە نیشتمان بنەڕەتێکە کە بەبێ ئەو بیروباوەڕ شوێنێکی بۆ پەرەپێدان نابێت و خاک پارێزراو نەبێت، هۆشیاری و ئازادیش

بوونیان نابێت.
ڕاستییە مێژووییەکە ئەوەیە کە لە زۆرینەی بارەکاندا، پێویست ناکات ئەم دوو چەمکە ببنە دوژمنی یەکدی. کاتێک بیروباوەڕ لەگەڵ خۆشەویستی نیشتماندا تێکەڵ دەبێت، هێزێکی یەکجار گەورە دروست دەکات بۆ پاراستنی خاک، ئاوەدانکردنەوە و بەرگری لە شکۆی مرۆڤ. بیروباوەڕی تەندروست هەمیشە مرۆڤ هاندەدات کە چاکەی نیشتمانەکەی مەبەست بێت و بەرگری لە مافەکانی بکات، چونکە نیشتمانی ئاوەدان و ئازاد، باشترین ژینگە بۆ گەشەکردنی بەها بەرزەکان دابین دەکات.
دەکرێت بگوترێت کە بیروباوەڕ و نیشتمان دوو هێزی ڕکابەر نین، بەڵکوو دوو کۆڵەکەی سەرەکیی شوناسی مرۆڤن. بیروباوەڕ مانای گیانی و ئاراستەی ژیان بە مرۆڤ دەبەخشێت، و نیشتمانیش ئەو گۆڕەپانە مەزنەیە، کە تێیدا ئەو بەهایانە پیادە دەکرێن. سەرکەوتنی ڕاستەقینەی مرۆڤ لەوەدایە کە بتوانێت هاوسەنگییەکی دروست لە نێوان ئەم دوو هەستە مەزنەدا ڕابگرێت؛ بە جۆرێک نە بیروباوەڕەکەی بکاتە هۆکارێک بۆ وێرانکردنی نیشتمان، و نە نیشتمانەکەی بکاتە قوربانی بۆ کاڵکردنەوەی بەها مرۆیی و باوەڕە ڕەسەنەکانی.

ئاسۆیەک لە ناڕەزایەتیەکانی فەرەنسادا.. عوسمانی حاجی مارف

ساڵانێکە فەرەنسا تووشی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی یەک لە دوا یەک دەبێتەوە، بەهۆی پەتای کۆڤید-١٩ و کشانەوەی هێزەکانی لە مالی، بورکینا فاسو و نیجەر.. لە ئەفریقا، هەروەها کاریگەری شەڕی ڕووسیا لە ئۆکرانیا، پاشان هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆسەر ئێران، کە بونەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی وزە و هەڵاوسانی ئابوری، ئەوانە هەموی بونەتە هۆی ڕوبەڕوبونەوەی قەیرانێک، کە تەواو بەسەر گوزەرانی دانیشتوانەکەیدا شکاوەتەوە.
لەنێوان ٥ و ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦دا، فەرەنسا شەپۆلێکی ناڕەزایەتی خوێندکارانی بەخۆیەوە بینی، بەهۆی تێکچوونی دۆخی پەروەردەی گشتی و کەمبوونەوەی بودجە بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان، ناڕەزایەتیەکان لە ٦ی تشرینی یەکەمدا گەیشتە لوتکە و بەپێی خەمڵاندنەکانی وەزارەتی ناوخۆ زیاتر لە دووسەد هەزار خۆپیشاندەر

بەشداربون.
ئاستی ناڕەزایەتیەکان، داواکاریە دەستبەجێکانی تێپەڕاند، کە خوێندکاران بەیان ڕژاونەتە سەر شەقامەکان، دەرگای پرسیاری فراوانتری کردۆتەوە، سەبارەت بە سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەت و شوێنی گەنجان، لە کۆمەڵگا و توانای دەوڵەت بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بەرامبەر بە نەوەیەک کە ڕووبەڕووی داهاتوویەکی نادیار بێتەوە. بەتایبەتی کە سیستەمی قوتابخانەی گشتی لە فەڕەنسا، پەیوەست بوو بە بنەمای دەرفەتی “پەروەردەیی یەکسان، بە هەمووان و ئەگەری باشترکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە ڕێگەی پەروەردەوە”، ئاشکرایە کە دەوڵەت لە جێگیربونی ئەم قەیرانەدا دەیەوێت پاشەکشە لەو سیستمە بکات و خەرجییەکانی کەمکاتەوە.
داواکاریەکانی خوێندکاران کێشەیەکی قووڵ لە کەرتی پەروەردەی فەڕەنسادا ئاشکرا دەکات، ئەویش کەمی بەردەوامی ستافی وانەبێژ و دابین نەکردنی پێداویستییەکانی خوێندکارانە، کە بۆتە هۆی زیادبوونی فشار لەسەر دامەزراوە پەروەردەییەکان و فەرامۆشکردنی وەڵامدانەوە بە دابینکردنی ئاستێکی گونجاو لە خوێندن، بەمەش نایەکسانی لە دەرفەتی خوێندن لە نێوان خوێندکاراندا ما[illegible]دەکات.
کاریگەرییەکانی ئەم ئاست دابەزینەی، پێداویستییەکان زیاتر لە گەڕەکەکانی دەرەوەی شار و گەڕەکەکانی نیشتەجێی کرێکارەکاندا بەرچاو دەکەون، کە زۆرێک لە قوتابخانەکان بەدەست کەمی سەرچاوە و کەرەستەی پێویستەوە دەناڵێنن.
دابەزینی ئاستی پەروەردە، لە فەڕەنسا هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی ڕێکخراوی OECD* پرسیاری جددی لەبارەی ئاستی پەروەردە لە لایەک و فراوانبوونی جیاوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی نێوان سەرمایەداران و خەڵکی کەمدەرامەت دەوروژێنێت، لە کاتێکدا خێزانە دەوڵەمەندەکان دەتوانن پەروەردەیەکی باشتر بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن، خێزانە کەم داهاتەکان بەردەوامن لە پشتبەستن بە سیستەمی پەروەردەی گشتی کە ستانداردەکانی لە دابەزیندایە، ئەمەش لە بەرامبەردا کاریگەری لەسەر دەستاگەیشتن بە خوێندنی باڵا و هەلی کار لەلایەن منداڵەکانیانەوە هەیە، بەم شێوەیە قوتابخانە کە بڕیارە دەرفەتی یەکسان بە هەموان وەک یەک دابین بکات، ئێستا OECD خەریکە دەبێتە دامەزراوەیەک، کە نایەکسانییەکان پیادە دەکات.
ئەو پرسانەی لەم ناڕەزایەتیانەدا وروژێنراون، تەنیا لە داواکاریە پەروەردەییەکان و کاروباری ناوخۆیدا سنووردار نەبوون، بەڵکو درێژبونەتەوە بۆ دەست لێدان لە پرسەکانی دادپەروەری لە چوارچێوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا، دەرکەوتنی ئاڵای فەلەستین و ئاڵای سور

لە هەندێک کۆبوونەوەدا، شانبەشانی دروشمەکانی پەیوەست بە گەڕانی کەشوهەوا، دژی شەڕەکان و ململانێ نێودەوڵەتیەکان، ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی هەستکردن بە بەهاکان و ویست و ئارەزو لە نێوان بەشێک لە گەنجانی فەرەنسا بە ئەو پرسانەی کە سنووری قوتابخانە و دەوڵەت تێدەپەڕێنن. ئەمەش ئاماژەیە بە ئەوەی کە ئەم گەنجانە دەست دەکەن بە سەیرکردنی کێشەی ڕۆژانەیان، وەک بەشێک لە واقیعێکی جیهانی کە تێیدا قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و سیاسییەکان پێکدەهێنن، کە کاردانەوە و کاریگەریان لەسەر ژیان و داهاتوویان هەیە.

گرنگی ناڕەزایەتیەکانی ئێستا تەنیا بەو داواکاریانە سنووردار نییە، کە وروژاندوویانە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بە ئەوەی کە ئاشکرای دەکەن، سەبارەت بە گۆڕانکاریە ئەگەریەکان لە سروشتی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و پانتایی فۆرمەکانیان لە دەربڕیندا.

بەشداریکردن لە ناڕەزایەتیەکان، چیتر تەنها بە خوێندکارانەوە سنووردار نییە، کە زۆرترین کاریگەریان لەسەرە، بەهۆی کەمی سەرچاوەکان و تێکچوونی بارودۆخی خوێندنەوە فراوانتر بووە، بە ئەوەی هاودەنگی خوێندکارانی زانکۆ تایبەتەکان ڕابکێشێت، ئەو هۆکارانەش کە گەنجان بە ناڕەزایەتی دەربڕین رادەکێشیت زۆرن، لە سەختی ئابووری و پشتگوێخستنی دەوڵەت لە پەروەردەی گشتی تا پرسەکانی دادپەروەری و ناسنامە و مانا لە ژیانیاندا، لە کاتێکدا ئەم هەمەچەشنییە مەرج نییە بە مانای داواکاری یەکگرتوو یان پاڵنەرە هاوبەشەکان بێت، بەڵام ئاماژەیە بە فراوانبوونی بازنەیەکی ناڕەزایی، کە ئەو گروپانەش دەگرێتەوە کە بە هەمان ڕادە بەدەست دابەزینی کوالیتی پەروەردەییەوە ناناڵێنن. درێژەدان بەم ڕەوتە دەتوانێ ڕێگە خۆش بکات بە ئەوەی بزووتنەوەکە لە داواکردنی باشترکردنی پەروەردەوە بگۆڕێت بە پرسیارکردنێکی فراوانتر لە سیاسەتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی حکومەت و سروشتی پەیوەندی نێوان گەنجان و دەسەڵاتی سیاسی.

بڵاوبوونەوە و بەربڵاوی خۆپیشاندانەکان، یارمەتیدەر بوو لە داڕشتنی تێڕوانینی گشتی بە ناڕەزایەتیەکان و فراوانکردنی بازنەی هاوسۆزی و هاودەنگی لەگەڵ خوێندکاران، ئەمەش ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی ڕۆڵی میدیایە بە دەوری لە سەر ڕەوتی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیەکان و تێپەڕین لە خۆپیشاندنەکانەوە بە کاریگەریان لەسەر گوتاری سیاسی و میدیایی.

بەپێی ئامارە ڕاپۆرتکراوەکان، شەپۆلی دەستگیرکردنەکان کە زیاتر لە شەش هەزار کەسی لەخۆگرتبوو، مشتومڕێکی بەرفراوانی بەدوای خۆیدا هێنا، هەرچەندە زۆربەیان دوای ماوەیەکی کەم ئازادکران… لە

هەر حاڵەتێکدا ناتوانرێت ژمارەی دەستگیرکردنەکان بە ئاماژەیەکی تەواو بۆ سەرکەوتنی دەسەڵات لە کۆنتڕۆڵکردنی بزووتنەوەکەدا هەژمار بکرێت، لە کاتێکدا ڕەنگە توندکردنەوەی ڕێوشوێنە ئەمنییەکان بۆ ماوەیەکی کاتی بەشداریکردن کەم بکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە دەتوانێت هەستی نادادپەروەری قووڵتر بکاتەوە و بازنەی هاودەنگی لەگەڵ خۆپیشاندەران فراوانتر بکات، بەمەش هێزی زیاتر بە ناڕەزایەتییەکان دەدات بۆ بەربڵاوی و بەردەوامبون.
ئەگەری تەشەنەکردنی بزووتنەوەکە بۆ کەرتە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکانی دیکە هەیە، بە بەشداری فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتە جیاوازەکان، پەرستاران و خوێندکاران بەگشتی، کە تاقیکردنەوەیەکی گرنگ بۆ توانای خۆپیشاندەران و فراوانکردنی بنکەکەیان پێکدەهێنێت، سەرکەوتنی ئەم فراوانبونە، نەک تەنها بە ژمارەی بەشداربووانە بەڵکو بەند دەبێت بە توانای ئەوان بۆ خۆڕێکخستن و ڕێککەوتن لەسەر داخوازییە ڕوونەکان و پاراستنی سەربەخۆیی بزوتنەوەکە و دوورکەوتنەوە لە گۆڕانی بۆ درێژکردنەوەی ململانێی حزبی و هەڵبژاردن.
ئەوەی شایانی باسە، دیمان هەر لە سەرەتاوە و بە زویی خۆپیشاندانەکان تەشەنەیان سەند بۆ دەرەوەی فەڕەنسا، لە ئیسپانیا، بولغاریا، ئیتالیا، ئەلبانیا و بەلجیکا و برۆکسل... ئەگەرچی بە پلەی جیاواز ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی دۆڕاوکە و تێڕوانینی بێئومێدی گەنجانە بە دەسەڵاتەکان، بەڵام ڕەوتی گەشەی ئەم بزووتنەوەیە لە دۆخی ئابوری و سیاسی ئەستای جیهاندا، دەتوانێت لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا و تەنانەت لە دەرەوەی یەکێتی ئەوروپاشدا دەنگ بدەنەوە، ئەگەر کێشە بنەڕەتییەکانی سووتەمەنی و دابین نەکردنی پێداویستییەکان بەبێ وەڵامێکی سیاسی باوەڕپێکراو بەردەوام بێت.
دیارترین نیشاندەرەکانی ئەم ناڕەزایەتیانە بەردەوامبونی خۆپیشاندانەکان و مانگرتنەکان و داخستنی بەشێک لە دامەزراوە پەروەردەییەکان و دووبارە پێکدادان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان لە شوێنە جیاجیاکان، ڕەنگە ئەم دۆخە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوامی پێبدات، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی گۆڕانکاری سیاسی بەرجەستە، بەڵام قەیرانی پەروەردە و مامەڵەکردنی دەسەڵات لەگەڵ ناڕەزایەتییەکان لە پێشەنگی مشتومڕی گشتیدا دەهێڵێتەوە. هەروەها لە ئەگەری بەردەوامی و درێژەدان و فراوانبونەوەی زیاتری نارەزایەتییەکان، گریمانە دەکرێت کە بزوتنەوەکە فراوانتر دەبێت و دەگۆڕێت بۆ قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوانتر. لە هەمانکاتدا ئەگەر هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیکەش بچنە ناو

بزووتنەوەکە، لەوانە گرووپە چەپ و رادیکال و کەمەنستەکان کە پشتیوانیان بە ناڕەزایەتییەکانی ئەستا دەربڕیوە، گرنگی ناڕەزایەتی خوێندکاران لە فەرەنسا نەک تەنیا لە ژمارەی بەشداربووانیدا نییە، بەڵکو لە توانایاندادەبێت کە کاریگەریان لەسەر گۆرانکاری جدی و پاشەکشەی گەورە بە بەرەی ڕاستی بەرجوازی بکات، ئایندەی پەروەردەی گشتی بەقازانجی خوێندکاران دەوروژێنن، هەروەها پەیوەندی نەوەیەکی نوێ بە ئاسۆیەکی باڵاوە لە بەرامبەر دەوڵەتدا بەرزدەکاتەوە.

عوسمانی حاجی مارف

---

*(OECD) “ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی ئابووری” کە ٣٨ وڵات ئەندامیەتی لە سەرانسەری جیهاندا، لەوانە وڵاتانی خاوەن ئابووری پێشکەوتو لە (ئەوروپا، ئەمریکای باکوور و باشوور، و ئاسیا و زەریای هێمن) پێکدێت، لە ساڵی ١٩٦٣ دامەزراوە.

پلێنومی پێنجەمی چین، حوکمڕانی لە ڕێگەی دیسیپلینەوە.. هەڵۆ حەسەن

جێبەجێکردن وەك ناوەکی حوکمڕانی

بە پێکین، توانای سیاسی تەنها بریتی نییە لە نەخشەسازی سیاسەت؛ بەڵکو بریتییە لە چۆنیەتی جێبەجێکردنیش،کاتێك کۆمیتەی ناوەندی بیستەمی پارتی کۆمۆنیستی چین – لە ٢٦ بۆ ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٦ بۆ پلێنومی پێنجەمی خۆی کۆبووەوە، ئەجینداکە خۆبەڕێوەبەری تەواو و توندی خستە ناوەکی هەوڵەکانەوە بۆ بەهێزکردنی حوکمڕانی و پشتگیریکردنی گەشەپێدانی درێژخایەنی چین، پلێنومەکە بڕیارنامەیەکی پەسەند کرد کە دیسیپلینی سیاسی، بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و چاودێری دامەزراوەیی بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەگەڵ جێبەجێکردنی لەپێشینە نیشتمانییەکان، جەختکردنەوەی ئەمە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی سەرکردایەتیی چینە کە توانای حوکمڕانی پشت بە بەڕێوەبردنی بەردەوام و گۆڕینی ئامانجە سیاسییەکانی ناوەند بە

کردار لە ئاستە جیاوازەکانی حکومەتدا دەبەستێت.

دوو وەڵامەکە: ڕزگاربوون لە سووڕی مێژوویی سەرکەوتن و داڕمان

ئەزموونی سەدەیی پارتی کۆمۆنیستی چین ئەوەی شکڵی پێداوە کە بە «دوو وەڵام» بۆ سووڕی مێژوویی سەرکەوتن و داڕمان وەسفی دەکات: چاودێری گشتی بەسەر حوکمڕانیدا و چاکسازی بەردەوامی خودی پارتی کۆمۆنیستی چین لە ژێر سەرکردایەتی گشتی شی جینپینگدا، ئەم میکانیزمانە وەك ڕێگەی یەکتر تەواوکەر پیشان دەدات بۆ پاراستنی دیسیپلینی ڕێکخراوەیی، بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا، چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، تیشکخستنە سەری پلێنومەکە لەسەر خۆبەڕێوەبەری توند و تەواو، ئەم ڕێبازە دەخاتە ناو چوارچێوەیەکی فراوانتری «بیری شی جینپینگ لەسەر بنیاتنانی حیزب»، کە بە ڕێنماییکردنی کارەکانی لەسەر پێوەرە سیاسییەکان، ڕەفتاری ڕێکخراوەیی و گەشەپێدانی دامەزراوەیی بەکاری دەنێت.

تێکەڵکردنی دیسیپلین و چاودێری دامەزراوەیی

بڕیارنامەکە ئەجێندایەك دادەنێت کە ڕەفتاری کەسی بە ڕێکارە ڕێکخراوەییەکان، دەستنیشانکردنی فەرمانبەران و جێبەجێکردنی ڕێساکانەوە دەبەستێتەوە، جەخت لەسەر سیستەمی بەهێزتر بۆ چاودێری، لێپرسینەوەی ڕوونتر، جێبەجێکردنی بەردەوامتری بڕیارەکان دەکاتەوە، ئامانجەکە بریتییە لە چارەسەرکردنی سەرپێچی، بەرتەسککردنەوەی هەلەکان بۆ گەندەڵی، دڵنیابوون لەوەی کە بەرپرسان پەیڕەوی لە ڕێساکان دەکەن، بە گرێدانی حوکمڕانی لەسەر بنەمای یاسا بە خۆبەڕێوەبەری حیزب لەسەر بنەمای ڕێسا، بڕیارنامەکە هەوڵ دەدات چاودێری دامەزراوەیی بەهێزتر بکات، هەماهەنگی کارگێڕی باشتر بکات، پشتگیری لە جێبەجێکردنی بەردەوامتری سیاسەتەکان بکات.

بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی وەك بزوێنەری ئابووری

لایەنێکی ناوەندی بڕیارنامەکە پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی کادرەکان و بەرنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە هەیە، پارتی کۆمۆنیستی چین ڕێبازێکی یەکگرتوو وەسف دەکات کە تێیدا ڕێگری، ڕێوشوێنی ڕاستکەرەوە و خۆپارێزی تێکەڵ دەکرێت بۆ کەمکردنەوەی هاندەرەکان و هەلەکان بۆ سەرپێچی لە ناو ئەم چوارچێوە حوکمڕانییەدا، دیسیپلین تەنها وەك سنووردارکردنێك سەیر ناکرێت، بەڵکو وەك ئامرازێك بۆ پاراستنی سامانە گشتییەکان و باشترکردنی جێبەجێکردنی سیاسەتەکان دادەنرێت،

جەختکردنەوە لەسەر پابەندبوونی سیاسی بەرپرسان، لەهاتوویی پیشەیی، لەپرسینەوە مەبەست لەی یارمەتیدانی سەرکردە خۆجێییەکانە بە گۆڕینی ئامانجە نیشتمانییەکان بۆ دەرئەنجامی پراکتیکی لە کاتێکدا دۆخی خۆجێیی ڕەچاو دەکەن، ئەم ڕێبازە یەکگرتووە بۆ ئەوە دیزاین کراوە کە دیسیپلینی کارگێڕی بەهێز بکات، سامانە گشتییەکان بپارێزێت، جێبەجێکردنی سیاسەتەکان باشتر بکات، و پشتگیری لە ئامانجە فراوانەکانی گەشەپێدانی بکات.

کۆنگرەی نەتەوەیی بیست و یەکەم لە ساڵی ٢٠٢٧

پلێنومەکە هەروەها خۆبەڕێوەبەری پارتی کۆمۆنیستی چینی لە ناو ئەجێندای فراوانتری گەشەپێدانی چیندا جێگیر کرد، پلانی پێنج ساڵەی چواردەهەم بە سەرکەوتوویی تەواو بووە و دەستپێکی پلانی پێنج ساڵەی پانزەهەمی ڕاگەیاند، بەڕێوەبردنی بەهێزی حیزبی بە گەشەپێدانی کوالێتی بەرز، خواستی ناوخۆیی، خۆشگوزەرانی گشتی، ئاسایشی نیشتمانییەوە گرێ دا، کۆنگرەی نەتەوەیی بیست و یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی چین بڕیارە لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٢٧ لە پەکین ببەسترێت، لەم چوارچێوەیەدا بەردەوامی لە خۆبەڕێوەبەری حیزب پشتگیری لە هەوڵی فراوانتر دەکات بۆ پاراستنی هەماهەنگی ڕێکخراوەیی و بەردەوامی سیاسەت لە کاتێکدا چین بەرەو ئامانجەکانی مۆدێرنکردن هەنگاو دەنێت.

سەرکردایەتی شی جینپینگ و چاکسازی

شی جینپینگ ڕۆڵێکی فەرمی ناوەندی لە پلێنومی پێنجەمدا گێڕا ، ناوبراو ڕاپۆرتێکی کاری پێشکەش کرد و ڕوونکردنەوەی لەسەر ڕەشنووسی بڕیارنامەکە دا سەبارەت بە پێداگری لەسەر خۆبەڕێوەبەری تەواو و توندی پارتی کۆمۆنیستی چین، بەیێ تیشکخستنی کۆبوونەوەکە لەسەر چاکسازی خودی و دیسیپلین پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بەو لەپێشینانەی کە لە ژێر سەرکردایەتی شی جینپینگدا پێشخراون، بڕیارنامەکە خۆبەڕێوەبەری حیزب وەك ئەرکێکی دامەزراوەیی بەردەوام وەسف دەکات، کە بریتییە لە پێوەرە سیاسییە بەهێزترەکان، چاودێری، لێپرسینەوە، و هەڵوەست دژی گەندەڵی. ئەم لەپێشینانە ڕەنگدانەوەی جەختی سەرکردایەتی حیزبن لەسەر نوێگەری دامەزراوەیی، دیسیپلینی ڕێکخراوەیی، جێبەجێکردنی بەردەوامی ستراتیژییەکانی گەشەپێدانی نیشتمانی لە ژێر سەرکردایەتی شی جینپینگدا. لە ژێر سەرکردایەتی شی جینپینگدا، خۆبەڕێوەبەری تەواو و توندی حیزب بووەتە پایەیەکی ناوەندی لە ڕێزی حیزبدا بۆ بەهێزکردنی توانای حوکمڕانی و پێشخستنی بوژانەوەی نیشتمانی، پلێنومی پێنجەم ئەم ئاراستە

ستراتیژییەی دوپاتکردەوە، جەختی لەسەر دیسیپلینی دامەزراوەیی، چاودێری بەهێزتر، ڕەفتاری باشتر، و خەباتێکی بەردەوام دژی گەندەڵی کردەوە. بە دانانی چاکسازی خودی حیزب لە ناو ئەجێندای فراوانتری مۆدێرنکردنی چیندا، بڕیارنامەکە جەخت لەسەر پابەندبوونی سەرکردایەتی دەکاتەوە بە بنیاتنانی بناغەیەکی ڕێکخراوەیی بەهێزتر بۆ گەشەپێدانی درێژخایەن و حوکمڕانی کاریگەر. دەرئەنجامەکان بۆ ڕێڕەوی حوکمڕانی چین پلێنۆمی پێنجەم جەختی لەسەر دیسیپلینی دامەزراوەیی و چاکسازی خودی بەردەوام وەك بناغەکانی حوکمڕانی کاریگەر دەکات، بە گرێدانی چاودێری ناوخۆیی بە جێبەجێکردنی سیاسەت، گەشەپێدان، خۆشگوزەرانی گشتی و ئاسایشەوە، بڕیارنامەکە چوارچێوەیەکی داناوە کە مەبەست لێی باشترکردنی یەکگرتوویی کارگێڕی و لێپرسینەوەی ڕێکخراوەییە. بڕیارنامەکە بناغە دامەزراوەییەکانی هەڵمەتی مۆدێرنکردنی چین بەهێزتر دەکات و چاکسازی خودی حیزب بە حوکمڕانی بەهێزتر، گەشەپێدانی کوالێتی بەرز، خۆشگوزەرانی گشتی، و بووژانەوەی نیشتمانییەوە دە بەستێتەوە.

سەرچاوە:

وەزارەتی دەرەوەی کۆماری گەلی چین، «دانیشتنی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندی بیستەمی پارتی کۆمۆنیستی چین»، ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٦
https://www.mfa.gov.cn/eng/xw/zyxw/202610/t20261029_12049543.html